**کۆنفرانسی بە قانوونی ناساندنی**
**ئەنفال و هەڵەبجە وەک جەنەساید لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا**
**لەندەن، 16 مارتی 2008**
**دەستەی کاری ئەنفال و هەڵەبجە**

---

## بۆ هەموو ئەو ڕێکخراوانەی لە بواری جەنەساید و ئەتنۆسایددا کار دەکەن

### بابەت: بانگهێشت کردن

**دەستەی کاری ئەنفال و هەڵەبجە** کۆنفرانسێک لە 16 مارتی 2008، لە یادی 20 ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، ڕێکدەخات، کە تێیدا کۆمەڵێک کەسایەتی پسپۆر و شارەزا لە بواری جەنەساید و ئەتنۆساید (پاکتاوی ڕەگەزی و ئەتنیکی) بەگشتی و بەتایبەتیش لە بواری قانوون و پەیوەندی نێودەوڵەتیدا بەشداری تێدا دەکەن.

**ئامانجی کۆنفرانسەکە**: کۆنفرانسەکە دەستپێک دەبێ بۆ ناساندنی قانوونی ئەنفال و هەڵەبجە وەک جەنەساید لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیدا.

**بوارەکانی کۆنفراسەکە**: گفتوگۆکانی کۆنفرانسەکە لە سێ بواردا کۆدەکرێنەوە:

- چۆنێتی دەرس وەرگرتن لە ئەزمونی ئەو گەلانەی کە جەنەسایدیان لەدژ ئەنجامدراوە. ئایا کام لایەنانە لە ئەزموونی ئەم گەلانە لە بە قانوون ناساندنی جەنەسایدی نەتەوەی کورددا کەڵکیان لێوەردەگیرێن؟ بە قانوونی ناساندنی جەنەسایدی نەتەوەی کورد بڕیارێک دەبێ لەلایەن دەستگایەکەوە، کە دەکرێ بڕیاری دادگایەکی دەوڵەتی یان نێودەوڵەتی بێ؛ بڕیاری پەرلەمانی وڵاتانێکی دیموکرات بێ وەک پەرلەمانی بەریتانیا و سەنەتی ئەمەریکی؛ بڕیاری دەستگایەکی نێودەوڵەتی بێ وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا.
- دەستنیشانکردنی ئەو قانوونە نیشتمانی و نێودەوڵەتیانەی کە سوودیان لێوەردەگیرێ بۆ ناساندنێکی قانوونی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە دژی نەتەوەی کورد وەک جەنەساید.
- ئەو بەڵگانە کامانەن کە گەلی کورد پێویستیانە بۆ ئەوەی جەنەسایدی کورد لەو دەستگایانەی کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا بە جەنەساید بڕیاری لەسەر بدرێ. ئەم بوارە جەختی لەسەر چۆنیەتی دیاریکردن و ناساندنی هەموو ئەو بەڵگانەن کە دەکرێ لە دەستگاکاندا بە بەڵگەی قانوونی بژمێردرێن و سوودیان لێوەربگیرێ.

بۆیە هەموو ڕێکخراوێکی تایبەتمەند لەو بوارەدا بۆی هەیە بەشدار بێت لەو کۆنگرە نێودەوڵەتیەدا، بەر لە کۆتایی فێبریوەری دەتوانن وەڵامان بدەنەوە بۆ ئەوەی جێگایان بۆ بگرین، چونکە بەشداربوون بە داوەتنامەی تایبەت دەبێت و بۆ هەموو کەسێک کراوە نابێ.

بێجگە لەوەی کە دەستەی ئامادەکار خۆشحاڵ دەبێت بە ئامادەبوونتان، دەشتوانن کۆنگرەکە بە پێشنیار و بۆچوونەکانتان دەوڵەمەند بکەن.


**تکایە چاوەڕێی وەڵامتانین و بەو ئیمێڵ و ژمارە تەلەفۆنانە پەیوەندیمان پێوە بکەن:**

**ئیمێڵ**: anfalwg@googlemail.com

**مۆبایل**: 07709435998 یان 07761728041

**دەستەی کاری ئەنفال و هەڵەبجە - لەندەن، جەنیوەری 2008**